بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

## هەرێمی کوردستانی عێراق
## سەرۆکایەتی هەرێم
## سەرۆك

بەناوی گەلەوە

## بڕیار
## ژمارە (37) ساڵی 2007

یاسای پشکنینی بۆماوەیی خوێن
(کەم خوێنی دەریای سپی ناوەڕاست ـ تەلاسیمیا ـ) پێش هاوسەرگیریی

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی لە بڕگەی (1) ی ماددەی (10) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 2005 ی هەموارکراو پێمان دراوەو، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (19) لە 2007/11/5 بڕیارماندا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە(30 )ی ساڵی / 2007**
**یاسای پشکنینی بۆماوەیی خوێن**
**(کەم خوێنی دەریای سپی ناوەڕاست ـ تەلاسیمیا ـ) پێش هاوسەرگیریی**

**ماددەی یەکەم:**
پشکنینی تەواوی شێوەی خوێن پێش ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیریی دەکرێ و لەکاتی گومان پەیداکردن لە بوونی نەخۆشی کەم خوێنی دەریای سپی

ناوەڕاست ((تەلاسیمیا)) کە لە ڕێگەی بۆماوەییەوە دەگوازرێتەوە ئەوسا پشکنینی خوێنی تایبەت بەو نەخۆشیە دەکرێ.

**ماددەی دووەم:**

بنکەی تەندروستی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ئەنجامەکانی پشکنینی تاقیگەیی هەڵدەستێ و لەبارێکی کە دەرکەوت ئەوانەی داوای بەستنی هاوسەرگیرییان کردووە تووشی ئەو نەخۆشیە بوون. ئەوا راپۆرتێك رێك دەخرێ و توندیی نەخۆشیەکە و رێژەی (واتە ژمارەی منداڵەکان) کەوا چاوەڕوان دەکرێت لە ئەنجامی ئەو هاوسەرگیرییە تووشی ئەم نەخۆشییە بن ،ئەنجامی بۆماوەیی سەلبی ئەو هاوسەرگیرییە پێشکەش بە هەردووکیان وبەو لایەنە دەکرێت کە داوای پشکنینەکەی کردووە و ئەمەش بۆ مەبەستی هوشیارکردنەوە و رێنمایی کردن دەبێت.

**ماددەی سێیەم :**

پێویستە لەسەر دادگاکان هیچ گرێبەستێکی هاوسەرگیریی جێبەجێ نەکەن تاکو راپۆرتی ناوبراو لە ماددەی دووەم لەم یاسایەدا پێشکەش نەکەن و لە بارێکدا کە راپۆرتەکە نەخۆشیەکەی دەسنیشان کردبوو، دەبێ ناوەڕۆك و ئەنجامەکەی لە داواکارانی هاوسەر گیرییەکە بگەیەندرێ.

**ماددەی چوارەم:**

پێویستە وەزیری تەندروستی رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربچوێنی.

**ماددەی پێنجەم:**

پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی شەشەم:**

**ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) دا جێبەجێ دەکرێ.**

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان–عێراق**

**هەولێر**

19/**سەرماوەز**/ 2707 **کوردی**

10/کانوونی یەکەم / 2007 **زایینی**

30 /ذو القعدە/ 1428 **کۆچی**

## هۆیە پێویستەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

سەبارەت بەوەی کە نەخۆشی (تەلاسیمیا) زیانی ماددی وتەندروستی دەروونی بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا دەگەیەنێ وباری سەرشانی دەوڵەت بە کارو بە خەرجی دارایی گران دەکات و لە پێناوی کۆنترۆل کردنی ئەم نەخۆشیە و بۆ دانانی رادەیەك لە بەردەم بڵاوبوونەوەی بۆ نەوەکانی دا هاتوو و لە پێناوی هوشیار کردنەوە و رێنمایی داواکارانی هاوسەرگیریی بۆ ئەنجامە سەلبیەکانی کە لەم جۆرە هاوسەرگیرییە دەکەونەوە و لە پێناوی خولقاندنی نەوەیەکی هوشیار و ساغی دوور لە نەخۆشییە بۆماوەییەکان (الوراثي) ئەم یاسایە دەرچوێنرا.